ژمارە ٧
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧



## "گاردیان" یەکەمە

# ژمارە ریکۆردی بەکارهێنەرانی چوار سایتی بەریتانی

**راپۆرتی لورا ئۆلیڤەر**
**و. لە ئینگلیزیەوە: کەمال چۆمانی**

چوار لەسەرەکیترین و بەناوبانگترین رۆژنامە سایتە ئەلیکترۆنیەکانی (uk) شانشینی یەکگرتوو، بەرزترین ژمارەی بەکارهێنەرانی خۆیان بەشێوەیەکی مانگانە ئاشکرا کرد، ئەمەش بە گوێرەی داتا لە دامەزراوەی (audit bereau cieculations electronic) "بیرۆی دابەشکردن و حیساباتی ئەلیکترۆنی" بەم شێوەیە:

(The Times, The Sun, The guardian, Telegraph) هەموویان بەتوندی هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی پلەی یەکەم بگرن لەم مانگەدا.

The Times زۆرترین و گەورەترین رێژەی بەکارهێنەری هەبووە بە ژمارەی ١٢,٥٣٦,٤٣٨ لەسایتەکەی خۆی لەمانگی سێپتەمبەر، نزیکەی ٢,٣ ملیۆن بەکارهێنەر زیاتر بەرێژەی(٢٢,٤٪) لە مانگی ئۆگەست.

پێشوو تر ئەم رێژەیە کەمتر بوو، ئاستی ژمارەی بەکارهێنەرانی The Times لەمانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ١٠,٨٩١,٣٧٨ بوون، ئەم ریکۆردە نوێیەی زەتایمس مانای وایە بازدانێکی گەورەی داوە و هاتۆتە ریزبەندی سایتە رۆژنامەییە هەرە پڕ خوێنەرەکان و بەکارهێنەران، ئەم ریکۆردە وایکرد ببێتە دووەمین لە لیستی بەناوبانگترین و پڕخوێنەرترین سایتە رۆژنامەییە بەریتانیەکان.

The guardian یەکەم سایتی بەناوبانگ و پڕخوێنەری بەریتانیە، بەپێی ئەو دابەشکردن و لێکۆڵینەوانەی کە (ABCE) بۆی کردووە،بەرزترین رێژە و ژمارەی سەردانیکەری تۆمارکردووە، بەبەرزبوونەوەی رێژەی بەکارهێنەرانی بۆ ٥,٦ ٪ لە ١٥,٨٢١,٤٨٠ بەکارهێنەرەوە لە ئۆگەستدا بۆ ١٦,٧٠٦,٠٧٦ بەکارهێنەر لە سێپتێمبەردا. بەرزترین ریکۆرد و ژمارەی پێشووی لەمانگی (ئایار) ی رابردوو بوو کە ١٦,٠٦٢,٢٢١ بەکارهێنەر سەردانی کردبوو، ئێستا زیاتر لە ٣,٧٣٢,٣٢٣ بەکارهێنەری زیادکردووە بەبەراورد لەگەڵ سێپتێمبەری ٢٠٠٦.

Telegraph هەروەها تێلێگرافیشقۆناغ و گەشەکردنێکی گەورەی بڕیلەمانگی سێپتێمبەردا، بۆ یەکەم جار ریکۆردێکی نوێ ی تۆمار کرد و ژمارەی بەکارهێنەرانی خۆی گەیاندە سەرووی ١٠٠٠٠٠٠٠ دەملیۆن، ریکۆردەکەشی ١٠,٦٤٥,٢٢٠ سەردانیکەر بوو، ئەو ژمارەیە زیادەیەکی گەورە نیشاندەدات بە زیادبوونی ٨٧٤,٦٥٨ بەکارهێنەر لە سێپتەمبەردا، ئەمەش دەکاتە رێژەی ٦,٩٪ بەبەراورد لەگەڵ بەرزترین تۆماری بەکارهێنەرانی سایتەکە لە ئۆگەستدا.

The Sun رێکۆردێکی بچوکی تۆمارکردووە لە زیادکردنی بەکارهێنەرانی بەبەراورد لەگەڵ رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکانی تر،ئەمەش رێژەو ژمارەی زیادبوویتی ٨٠,١١٠ بەکارهێنەر رێژەی ٠,٨٪..

لەمانگی سێپتەمبەردا بەربەستێکی بۆ دروست بووە کە نەیتوانی ژمارەی پێشووتری بەشێوەیەکی بەرچاو تێپەربکات، بەمەش نەتوانی لە ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن زیاتر بەکارهێنەرانی زیاد بکات، The sun ژمارەی بەکارهێنەرانی لە ئۆگەستدا گەیشتە ١٠,٦٧٤,٣٠٨ سەردانیکەر.

The Daily Mail زە دەیلی مەیڵ/ تەنها رۆژنامەی سایتی نیشتمانی بەریتانی بوو کە راپۆرتی مانگانەی ئاشکرا کرد بەڵام رێژە و ژمارەی تەواوی بەکارهێنەرانی ئاشکرا نەکرد، هەرچەندە لەم مانگەدا رێژەی بەکارهێنەرانی بەرزتر بۆتەوە، شوێنی سێیەمی گرتووە لە ریزبەندی لیستەکەدا، بە ژمارەی ١١,٦٨٩,٩٨٥ سەردانیکەر.

زەسەن چوارەم سایتی رۆژنامەی جەماوەریترین و پڕخوێنەرترین و زۆرترین سەردانیکراوی بەریتانیە دوای (گاردیەن و تایمس و زەمەیل) تێلیگرافیش لە پێنجەمدا مایەوە.

سەرچاوە: journalism.co.uk